# بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییەگشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا لە هەرێمی کوردستان

**دلان ئیسماعیل مەولود** بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**ئیمەیڵ:** Dlan.mawlood.2017@student.su.edu.krd

**هوشیار مزەفەر عەلی** بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**ئیمەیڵ:** hoshyar.ali@su.edu.krd

## پوختە:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و ئامرازە جۆراو جۆرەکانی پەیوەندی، کاریگەری زۆریان کردۆتە سەر کارو چالاکیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بە گشتی و بەتایبەت لە کاری دامەزراوە حکومیەکان. زۆرێک لە دام و دەزگاکان ئەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیارییان بە گەڕ خستوە لە پێشخستنی کار و چالاکیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و سیستەمی بەڕێوەبردن، کە دەکرێ لەو ڕێگەیەوە ئامانجەکانی دامەزراوەکە بەدی بهێنێت و کارلێک لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی و دەرەکی بکات.

لەم توێژینەوەیە تیۆرییە توێژەر هەوڵی داوە ڕۆڵی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییەگشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا ڕوون بکاتەوە لە ژێر ڕای پسپۆڕانی ئەو بوارە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییەگشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتی و لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە میدیای نوێ دەیگێڕیت لە چالاکیەکانی پەیوەندییەگشتییەکان لە دامەزراوەکانی حکومەتتدا، هەروەها شرۆڤەکردنی چۆنیەتی بەشداری میدیای نوێ و پەیوەندییەگشتییەکان لە دروستبوونی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی. کە لە دەرئەنجامەکان دەردەکەوێت میدیای نوێ ئاسانکارییەکی زۆری کردوە بۆ کارەکانی پەیوەندییەگشتییەکان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر و دامەزراوەکانی تر پیتەوکردوە هەردوکیشیان بەیەکەوە هاوکارن لە گەشەکردن و دروستبوونی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی.

**کلیلە وشە:** میدیای نوێ، پەیوەندییەگشتییەکان، کارگێڕی گشتی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## پێشەکی:

پەیوەندییەگشتییەکان هەر لەسەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتیەوە دەست پێدەکات کە هەنگاوێکی گرنگ و بنچینەیی بووە بۆ گواستنەوە و گەشەکردنی تاکەکان لە قۆناغێکی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی دروست بوونی کۆمەڵگە و کۆبونەوەیان لە چوارچێوەی گروپە جیاوازەکاندا و دواتر ڕۆڵ و ئەرکی پەیوەندییەگشتییەکان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکان گەشەی کردووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە گەشەکردنی تەواوی سیستەم و ئەرکە کارگێڕیەکان لە دامەزراوەکاندا. لەبەر ئەوە پەیوەندییەگشتییەکان بە کۆڵەگەیەکی گرنگ لە کۆڵەگەکانی شێوازی کارگێڕی و پەیوەندییکردن دادەنرێت لە سیستەمی کارگێڕی گشتیدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە کار و ئەرکی پەیوەندییەگشتییەکان ڕوویدا لە دامەزراوە حکومیەکاندا، لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بۆتە هۆی ئەوەی کاری پەیوەندییەگشتییەکان فراوانتر بێت، بەڵام لە زۆرێک لە کارەکانی ئاسانکاری کردووە لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان بەخێرایی و گەیاندنیان بە جەماوەری مەبەستتدار، هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکان لە ڕێگای میدیای نوێ ئاسانترە و دەتوانرێ وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە لەو ڕێگەیەوە دروست بکرێ. بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە لەو بوارەدا گرینگی خۆی هەیە، لەم توێژینەوەیە تیۆرییە توێژەر هەوڵیداوە ڕۆڵی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییەگشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا ڕوون بکاتەوە لە ژێر ڕای پسپۆڕانی ئەو بوارە. ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەش یەکەم وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، بەشی دووەم چەند بابەتێکی لە خۆ گرتووە وەک: چەمک و پێناسەی میدیای نوێ و تایبەتمەندییەکانی، هەروەها چەمک و پێناسەی پەیوەندییەگشتییەکان و تایبەتمەندییەکانی، دواتر ڕەگەزەکانی پەیوەندییکردن لە پەیوەندییەگشتیەکان خراوەتەڕوو. لەبەشی سێەمیشدا باس لە چەمک و پێناسەی کارگێڕی گشتی و تایبەتمەندییەکانی و هەروەها گرینگی پەیوەندییەگشتییەکان بۆ کارگێڕی گشتی کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیەتی بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییەگشتییەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لەم بەشەدا شیکاری بۆ کراوە. لە کۆتایشدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان خراوەتە ڕوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## کێشەی توێژینەوە:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و ئامرازە جۆراو جۆرەکانی پەیوەندی، کاریگەری زۆریان کردۆتە سەر کارو چالاکیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بە گشتی و بەتایبەت لە کاری دامەزراوە حکومیەکان. زۆرێک لە دام و دەزگاکان ئەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیارییان بە گەڕ خستوە لە پێشخستنی کار و چالاکیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و سیستەمی بەڕێوەبردن، کە دەکرێ لەو ڕێگەیەوە ئامانجەکانی دامەزراوەکە بەدی بهێنێت و کارلێک لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی و دەرەکی بکات.

زیاد بوونی بەکارهێنانی ئامرازە جۆراو جۆرەکانی میدیای نوێ لە نێوان تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە ئاسانکاری کردووە لە گەیاندنی زانیاری و ڕێنماییەکان بە گشت چینەکانی کۆمەڵگە. هاوکات لەگەڵ فەراهەمبوونی هەموو ئەو ئامرازە نوێیانەی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان، بەڵام هێشتا ڕۆڵی میدیای نوێ لە چالاکی پەیوەندییەگشتییەکاندا بۆ کارگێڕی گشتی تەم و مژاویە و ڕوون نیە تا چ ڕادەیەک کەڵکیان لێ وەرگیراوە. لەم گۆشەنیگایەوە کێشەی ئەم توێژینەوە بریتی دەبێت لەوەی ئایا تاچەند بەشی پەیوەندییە گشتییەکان میدیای نوێ بەکاردێنن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان لە سیستەمی کارگێڕی گشتیدا.

## گرینگی توێژینەوە:

یەکەم/ گرینگی لایەنی زانستی ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پسپۆڕی پەیوەندییەگشتییەکان بەتایبەت چۆنیەتی بەگەڕخستنی میدیا لە بواری پەیوەندییەگشتییەکان و هەروەها هەوڵێکی ئەکادیمیە بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی و کارلێک لەنێوان میدیاو پەیوەندییەگشتییەکان، زیاد لەوەش دەرخستنی لێکەوت و میکانیزمەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە سیستەمی کارگێڕی گشتی لە ڕووی تیۆری و شیکارییەوە.

دووەم/ ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتی لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەو ڕێگەیەوە شارەزایی گرینگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دەبن لە پرۆسەی پەیوەندییەگشتییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، زیاد لەوەش گرینگترین ئەو بەربەستانەیان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە میانەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش هاوکار دەبێت لە ئاسانتر چارەسەر کردنیان.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:** بەئامانجی شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی کێشەی توێژینەوە، توێژەر کۆمەڵێک پرسیاری خسۆتەڕوو:

١/ لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ چیە لە پرۆسەی پەیوەندییەگشتییەکان بۆ کارگێڕی گشتی؟

٢/ ئایا پەیوەندییەگشتییەکان توانیویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری مەبەستدار دروست بکات لە چوارچێوەی کارگێڕی گشتیدا؟

٣/ ئایا تا چەند پێویستە کارمەندی پەیوەندییەگشتیەکان شارەزایی و کارامەییان هەبێ لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٤/ چۆن پەیوەندییەگشتییەكان دەتوانێت هاوكار بێت لە دروستكردنی حكومەتێكی ئەلیكترۆنی؟

**ئامانجەكانی توێژینەوە:**

١/ زانینی رادەی كاریگەری بەكارهێنانی ئامرازەكانی میدیای نوێ بۆ كاروباری پەیوەندییەگشتییەكان.

٢/ زانینی چۆنیەتی و شێوازی بەكارهێنانی ئامرازەكانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییەگشتییەكان لە كارگێڕی گشتیدا.

٣/ دیاریكردنی ڕێژەی بوونی پەیوەندی ئالوگۆڕ لەنێوان دامەزراوەكە و جەماوەری مەبەستتدار لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئامرازەكانی میدیای نوێ.

٤/ دەستنیشانكردنی ڕێژەی بەشداری پەیوەندییەگشتییەكان لە دروستكردنی حكومەتی ئەلیكترۆنی.

**جۆرو ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی تیۆری و شیكارییە، بۆ شرۆڤەكردنی ڕەهەندەكانی بابەتەكە بە پشت بەستن بە میتۆدی (سەرنجدان و تێبینیكردن).

**دیاریكردنی چەمكەكان:**

**١/پەیوەندییەگشتییەكان:** ئەركێكی پلان بۆ دارێژراو و بەردەوام، بەرنامە و چالاكیەكانی دامەزراوەكە جێبەجێ دەكات، بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان دامەزراوەكە و جەماوەر، بەبەكارهێنانی ئامرازە جیاوازەكانی پەیوەندییكردن.

**٢/میدیای نوێ:** ڕێگایەكی نوێی گەیاندنە كە مرۆڤەكان لەسەرانسەری دونیادا و لە هەموو بارودۆخە جیاوازەكان بەیەكەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئامرازەكانیەوە، كە ئامانجی ئاسانكاریە لە پەیوەندییكردن و زیادكردنی كارلێككردن .

**٣/كارگێڕی گشتی:** كرداری ڕێكخستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ماددی و مرۆییەكان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەكانی حكومەت بۆ بەرژوەندی گشتی .

## بەشی یەكەم/ میدیای نوێ و پەیوەندییەگشتییەكان

### یەكەم/ چەمک و پێناسەی میدیای نوێ

چەمكی میدیای نوێ تەواوی تەكنیكەكانی پەیوەندیكردن زانیاریە ژمارەییەكان لە خۆ دەگرێت وەكو بڵاوكردنەوەی نوسین و وێنە و ڤیدیۆ و هەروەها گواستنەوە و بەكاربردنی لە هەمان كاتتدا لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئینتەرنێت یاخود لە هەندێ كاتتدا بێ بەكارهێنانی ئینتەرنێت. واتا میدیای نوێ یەكە مادییەكانی لە ڕۆژنامەی كاغەزی و رادیۆ و تەلەفزیۆن گۆڕی بۆ یەكەی ئەلیكترۆنی واتا بۆ ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی و رادیۆ و تەلەفزیۆنی ژمارەیی، كە وێنە و

دەنگ و ڤیدیۆ بە ڕێگای زۆر پێشکەوتوو پێشکەش دەکرێت و جگە لەوەش هەڵگرتن و سەیڤ کردنی بەرنامە و زانیایەکان زۆر ئاسانە و بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت. (سکیک ٢٠١٤، ٥١)

شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لە هەوڵی چڕ و پڕو بەردەوامدان بۆ دیاریکردنی پێناسەیەکی شیاو و ورد و پڕ بەپێست بۆ میدیای نوێ، بەڵام بەهۆی فراوانی بوارەکە و فرە ڕەهەندی ئامرازەکانی لە پەخشکردن و وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری وایکردوە نەتوانرێت یەک پێناسە بۆ ئەم چەمکە نوێیەی ڕاگەیاندن بکرێت. بۆیە چەند پێناسەیکی جیاواز هەن کە بەشێکیان ئەمانەن:

بەپێی پێناسەی گۆڤاری ئەلیکترۆنی (EIMJ)[١]میدیای نوێ " بریتیە لە کۆمەڵێک پێگەی ئەلیکترۆنی کە فەراهەم کراوە بۆ ئەوەی تاکەکان گوزراشت لە بۆچوون و ئەزمون و گۆڕانکارییەکان بکەن و پەیوەندی لە نێوان ئەو کەسانەدا دروست بکات کە گرینگی پێدانەکانیان لەیەکەوە نزیکە ". (القحطاني ٢٠١٩، ١٣٠)

هەروەها لە پێناسەیەکی تردا میدیای نوێ بریتیە لە " میدیای شێوە جیاوازە (نوسراو و بینراو وبیستراو) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆری وەک (تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و یاریەئەلیکترۆنیەکان و....هتد) کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت دەبەستێت بە ئینتەرنێت بە شێوە جیاوازەکانیەوە. (شيخاني ٢٠١٠، ٤٤٢)

لە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە کە بۆ میدیای نوێ کراون دەتوانین بڵێین میدیای نوێ " ڕێگایەکی نوێی گەیاندنە کە مرۆڤەکان لەسەرانسەری دونیادا و لە هەموو بارودۆخە جیاوازەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگەی بەکاهێنانی ئامرازەکانیەوە، کە ئامانجی ئاسانکاریە لە پەیوەندییکردن و زیادکردنی کارلێککردن " .

## دووەم/ تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ

میدیای نوێ لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ میدیای باو "کلاسیکی" هەمان تایبەتمەندی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میدیای نوێ کۆمەڵێک تایبەتمەندی تری هەیە وایکردووە کە کاریگەرییەکەی بسەپێنێ بەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان، لەدیارترین ئەو تایبەتمەندکۆڕبەندش ئەوانەن:

١-) کارلێککردن (Interctivity) : ئەم تایبەتمەندییەی میدیای نوێ ڕۆڵی بەشداریکردن و گفتوگۆ بەوەرگر دەبەخشێت، واتا کارلێکی ڕاستەخۆی نێوان وەرگر و نێرەر و گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوونی ڕاستەخۆ لەنێوانیان. بۆیە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە میدیای نوێ پرۆسەیەکی دوو ئاراستەییە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر و بە پێچەوانەوەش. (صبحة ٢٠١٨، ٩٥)

٢-) توانای گەڕۆکی (Mobility): ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەموو شوێن و جێگایەک دەتوانرێ بە کاربهێنرێت و بگوازرێنەوە بۆ شوێنی جیاواز لە ماڵ، شەقام، لە شوێنی کار، لەناو ئوتومبێل، بەهۆی بوونی مۆبایلە زیرەکەکان و لاپتۆپ و کۆمپیوتەری بچوک ، کە قەبارەیان بچوکە و هەڵگرتن و گواستنەوەیان ئاسانە . بەکارهێنەر دەتوانێ لە شوێنە جیاوازەکان سودیان لێوەربگرێت. (صونية ٢٠١١، ٢٣٦)

[١] Electronic Interdisciplinary Miscellaneous Journal –مجلة الاالكترونية الشاملة متعددة التخصصات



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٣-) ناجەماوەری بوون (Demassification): لە میدیای نوێدا پەیام دەکرێ ئاراستەی تاکە کەسێک بکرێ واتا بە پێچەوانەی میدیای باو کە ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر و فراوان دەکرێت، واتە رادەی کۆنترۆڵکردن لە سیستەمی پەیامی میدیادا بەجۆرێک کە پەیامەکە راستەخۆ لە "نووسەر"ەوە بگات بە "خوێنەر". (بولعويدات ٢٠٠٨، ٨٤)

٤-) بەجیهانیبوون(globalization): ژینگەی پەیوەندیکردن لە میدیای نوێدا ژینگەیەکی جیهانی و نێودەوڵەتیە و سنوری شوێن و کاتی تێپەراندووە، واتە لەرێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە پەیام دەکرێت ببێە پەیامێکی جیهانی و لە هەموو دوڵەتاندا بڵاوبێتەوە . (بربخ ٢٠١٥، ٧١)

٥-) بەردەوامی: ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کۆی کاتەکانی شەو ورۆژدا بەردەستن بۆ بەکارهێنان، واتا بەردەوام زانیاری و هەواڵ لە رێگەیەوە پێشکەش دەکرێت بێ دیاریکردنی کات. (مەحمود ٢٠١٥، ٢٢)

٦-) کەمی تێچوون: نووسین و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریەکان لە رێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ تێچووی کەمترە بە بەراورد بە میدیای باو(بینراو و نوسراو خوێنراو) ئەویش بەهۆی پێویست نەبوون بە شوێنی مانەوە و ئامێر و کامێرا و کارمەند و چاپ و کاغەز و ..هتد . (د. يوسف ٢٠٠٦، ٤٨)

٧-) خێرایی: هەواڵ و زانیاریەکان لە ساتی ڕوودانی ڕووداوەکان بەخێرایی بڵاودەبێتەوە دەگات بە تێکڕای دەوڵەتان، واتا گەر ڕووداوێک لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا ڕوویدات لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە ئێمە لێرە دەتوانین ئاگەداری سات و چۆنیەتی ڕووداوەکە بین. (علي ٢٠٠٩، ٣٤٢)

٨-) ئاسانی بەکارهێنان: ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکارهێنانیان ئاسانە و پێویستی بە هەوڵ و زانیاری زۆر نیە ، واتا مرۆڤ دەتوانێ لەجێگای نوستنەکەی خۆی لە ڕێگەی مۆبایلێکی زیرەک، ئامرازە جۆربەجۆرەکانی میدیای نوێ لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و وێبسایتەکان بەکاربهێنێت بێ ئەوەی ماندوو بێت، هەروەها پێویستی بە توانای جەستەیی و عەقڵی و ڕۆشنبیری زۆر نیە تاوەکو لەناوەڕۆکی بابەت و پەیامەکان تێبگات، چونکە ناوەڕۆکی پەیامی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەوە جیادەکرێنەوە کە بەزمانێکی سادە و ئاسان بۆ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە بە جیاوازی ئاستەکانی دەنوسرێت، تاوەکو تێگەیشتن لێی ئاسان بێت. ئەم تایبەتمەندییە زیاتر وایکردووە بەکارهێنەرانی میدیای نوێ بەبەردەوامی ڕوو لە زیادبوون بکەن. (الخطاب ٢٠١٠، ٣٥)

٩-) ئازادی ڕادەربڕین: میدیای نوێ ئازادی ڕادەربڕینی کردە " فاکت" ڕاستەقینە، واتا هەموو کەسێک دەتوانێ بەئازادی بێ بوونی هیچ مەترسی و ڕێگریەک بیروڕای خۆی بنوسێ بڵاوی بکاتەوە و ئاڕاستەی هەموو جیهانی بکات. (مەحمود ٢٠١٥، ٢٢)

## سێیەم/ چەمک و پێناسەی پەیوەندییەگشتییەکان

پەیوەندییەگشتییەکان چالاکیەکە کە لە لایەن کەسێک، گروپێک یان دامەرزاوەیەک ئەنجام دەدرێ لە پێناو دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی دروست و کارا لە نێوان دوو لایەن وەک: حکومەت لەگەڵ جەماوەرەکەی، یان لە نێوان دامەزراوەیەک و دەستەیەک بە جیاوازی جۆرەکانیەوە، حکومی بێت یان تایبەتی. پەیوەندییەگشتییەکان وەک هەوڵێکی بەردەوام و پلان بۆ دانراو هەڵدەستی بە دروستکردنی تێگەیشتنێکی ئاڵوگۆڕلە نێوانیان. (السردي ،٢٠١١، ٢٥٤)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

هەرچەند پەیوەندییەگشتییەکان وەک زانستێک بنەما و تیۆر و چەمکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام تێبنی دەکرێ لەگەڵ چەند زانستێکی تر تێکەڵاوی زۆری هەیە وەک کارگێری و راگەیاندن و پەیوەندییەکان و کۆمەڵناسی و هەروەها زانستی دەروونناسی. تەنانەت هەندێ لە پسپۆڕان وای دەبینن کە پەیوەندییەگشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕیە و یارمەتی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە دەدات، واتا ناتوانرێ وەک زانستێکی سەربەخۆ لێی بڕوانرێ و پشتی پێ ببەسترێ. (المزاهرة ،٢٠١٩، ٢٨)

هاوکات کۆمەڵێک ناساندنی جیاواز کراون بۆ پەیوەندییەگشتییەکان بە پێی جیاوازی بوارو پسپۆڕیەکان لەوانە: فەرهەنگی زمانەوانی ئۆکسفۆرد پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات بەوەی" دۆخێکە لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمپانیاو دامەزراوەیەک یان کەسانی ناودار لەگەڵ جەماوەر" (Lexico ,2019)

هارڵۆ لە ساڵی(١٩٧٦) نزیکەی ٤٧٢ پێناسەی جیاوازی بۆ پەیوەندییەگشتییەکان دۆزییەوە لە کۆی ساڵەکانی(١٩٠٠) تاکو(١٩٧٦) نووسرابوون لەنێوان ئەم پێناسانەدا، پێناسەیەکی خۆی بۆ پەیوەندییەگشتییەکان پێشنیار کرد کە دەڵێت:

" پەیوەندییەگشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕی دیاریکراوە کە یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ دەدات بۆ فەراهەمکردنی تێگەیشتن و هاوکاری لە نێوان دامەزراوە و جەماوەر بەگشتی، ئەم پەیوەندییە یارمەتیدەرە لە بەڕێوەبردنی کێشەوگرفتەکان هەروەها یارمەتی دامەزراوەکە دەدات لە زانین و وەڵامدانەوەی رای گشتی، هەروەها بەرپرسیارێتی هەریەک لە بەشە خزمەتگوزارییەکان دیاری دەکات و جگە لەوەش توێژینەوە و پەیوەندی ئەخلاقی وەک تەکنیکێکی سەرەکی لە کارەکانی بەکاردەهێنێت" (Tench , 2006, 5)

سەرئەنجام لە روانگەی ئەو پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی، کە پەیوەندییەگشتییەکان بریتیە لە " ئەرکێکی پلان بۆ داڕێژراو و بەردەوام، بەرنامە و چالاکیەکانی دامەزراوەکە جێبەجێ دەکات، بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر، بەبەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییکردن".

## چوارەم/ سیما و تایبەتمەندی پەیوەندییەگشتییەکان

وێڕای زۆری ئەو پێناسانەی کە بۆ پەیوەندییەگشتییەکان کراون لە لایەن توێژەران و پسپۆڕانی بواری پەیوەندییەگشتییەکان، چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی هاوبەشی نێوان پێناسەکان هەن کە بەوشێوەیەی خوارەوە دیاریکراون:

١. پەیوەندییەگشتییەکان، فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتیی کارگێڕین، بەشێوەی سیاسیانە و کاروباری هاوبەشی ئامانجدار دەریاندەبڕێت، بۆ دابینکردنی متمانە و تێگەیشتنی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی.
٢. پەیوەندییەگشتییەکان، ئەرکێکی کارگێڕیە، چالاکیەکە کارگێڕی دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات، لەسەر ئەو کارگێڕیەش پێویستە لە هەموو وتە و چالاکیەکانی تایبەت بەخۆی بەکاریانبهێنێت.
٣. پەیوەندییەگشتییەکان چالاکیەکی مەبەستدار و لێتوێژراوو ستراتیژییە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکە. (ب. ئەحمەد ٢٠١٩، ١٣٢)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٤. پەیوەندییەگشتییەكان ئەركێكی سەرەكی دامەزراوەكەن، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت كە پەیوەندییەگشتییەكان بۆ ئەوەی چالاكیەكی كارا بن، دەبێت پێگەیەكی ستراتیژی لە پەیكەری دامەزراوەكە داگیر بكەن، بەشێكیش بن لە كرداری وەرگرتنی بڕیار لای كارگێڕی بالا. (الجبوري ٢٠١٠، ١٦٩)

٥. پەیوەندییەگشتییەكان چالاكیەكی نەخشەكاریكراون (planned) ئەمەش واتای ئەوەیە كە پەیوەندییەگشتییەكان ڕێكخراون و پشت بە گەڕان و كۆكردنەوەی زانیارییەكان و شیكردنەوەیان دەبەستن و شیكردنەوەیان بە ئامانجی دانانی چارەسەر و جێگرەوەی گونجاو، بەپێی دەرامەتی بەردەست و لە ڕێگەی ماوەو كاتی دیاریكراو و هەنگاوی یەک لە دوای یەک.

٦. پەیوەندییەگشتییەكان جەخت لەسەر ئەنجامدانی كاری باش و باشترین بەكارهێنانی دەرامەت و ئامرازو دەزگا و تواناكان و كارامەییە مرۆیی و زانیارییەكان، بەئامانجی هێنانەدی ئامانجی دامەرزاوەكە بە پێی سیاسەتە دیاریكراوەكانی دەكاتەوە.

٧. پەیوەندییەگشتییەكان جەخت لەسەر پەیوەندیكردنی كراوە بە دوو ئاڕاستە ( Open Two way communication) دەكەن، ئەوەش بە ئامانجی هێنانەدی تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕكراو و هاوبەشی نێوان دامەزراوەكە و جەماوەرەكەی و هێنانەدیی ناوبانگی باش بۆ دامەزراوەكە لای جەماوەرەكەی و پارێزگاریكردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەكانی نێوانیان. (مجالي ,٢٠١٠، ٣٠-٣٢)

٨. پەیوەندییەگشتییەكان هەوڵێكە بۆ ڕاوێژ و پێشنیار بۆ كارگێڕی باڵا بە ئامانجی بەشداریكردن لە چارەسەری گرفتەكان و پاڵپشتی كردنی كارگێڕی بۆ وەرگرتنی بڕیارە ڕاست و دروستەكان و بەشداریكردن لە دانانی سیاسەت و بەرنامە ستراتیژییەكان لە دامەزراوەكەدا.

٩. پەیوەندییەگشتییەكان جەخت لەسەر ڕێسا و بنەما ڕەوشتییەكان دەكەنەوە بۆ پاڵپشتی كردنی متمانە و بونیاتنانی لە نێوان دامەزراوەكە و جەماوەرەكەی و دووركەوتنەوە لە سەرجەم شێوازو شێوەكانی گزیكردن و فێڵ و تەڵەكەبازی و گومڕاكردن و بانگەشەی ساختە و پێشكەشكردنی ڕاستی ڕووداوەكان بۆ جەماوەر بەمەبەستی ڕاكێشانی متمانە و لایەنگیریان. (الحجاب ,٢٠٠٧، ٣٩-٤٠)

## پێنجەم/پرۆسەی پەیوەندیكردن لە پەیوەندییەگشتییەكان

پەیوەندیكردن لە گرینگترین ئەرک و چالاكی پەیوەندییەگشتییەكانە ، واتە بناغەی پەیوەندییەگشتییەكان پێكدەهێنێت. هەروەها بریتیە لە كرداری گواستنەوەی بیرۆكە و ڕاوبۆچوون وزانیاری و ڕاستیەكان، كە تاكێک، گروپێک، كۆمەڵێک، یان دامەزراوەیەک پێی هەڵدەستن، لە ڕێگەی ئامرازە جۆرەبەجۆرەكانی پەیوەندیكردن كە ئەو دامەزراوە بەكاریان دەهێنێت لە پێناو خزمەت كردن بە بەرژەوەندی دامەزراوەكە. (سعود، ٢٠٠٥، ١٤)

### ڕەگەزەكانی پرۆسەی پەیوەندیكردن لە پەیوەندییەگشتییەكان

پرۆسەی پەیوەندییكردن پشت دەبەستێ بە پێنج ڕەگەزی سەرەكی كە بریتین لە :

١- نێرەر(source): ئەو كەسەیە كە هەڵدەستێ بە گەیاندنی پەیامەكە جا چ نوسەر ، وتاربێژ، كەسی پەیوەندییەگشتییەكان یان لە هەر توێژو لایەنێک بێت. پەیام ئامادە دەكات و بۆ لایەنی بەرامبەری دەگوازێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٢- پەیام (massage): بەرەگەزی دووەم دادەنرێت لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا مەبەستیش لێی ئەو ناوەڕۆکی ئەو پەیامەیە کە کارگێڕی پەیوەندییەگشتییەکان بەبەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بۆ لایەنی بەرامبەر دەنێرێت، بەجۆرێک ناوەڕۆک و شێوازی پەیامەکە گونجاو بێت بۆ گواستنەوە لە ڕێگەی ئامرازە پەیوەندیکردنەکە. (مكي، ٢٠٠٥، ٢٤)

٣- ئامراز(channel ): ئەو کەرەستە یان ئەو هۆکارەیە کە لە ڕێگەیەوە پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەنێردرێت. هەڵبژاردنی ئامرازێکی گونجاو بە پێی ناوەڕۆکی پەیامەکە لە پەیوەندییەگشتییەکان ئەرکێکی ئاسان نیە بە هۆی جۆراو جۆری لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن جیاوازی شێوەکانی.

٤- وەرگر(receiver): لایەنی بەئامانج گیراوە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن کە پەیامەکەی بۆ دەگوازرێتەوە، جا دەکرێ ئەو وەرگرە تاک ، دەستە، یان کۆمەڵگە بێت.

٥- وەڵامدانەوە یان کاردانەوە (feedback): بریتیە لە کاردانەوەی وەرگر بۆ پەیامەکە و گەڕانەوەی بۆ نێرەر، تاوەکو بتوانێت بڕیار لەسەر پەیامەکە بدات کە ئایا ئامانجەکانی بەدیهاتوون یان نا. (عبدالرزاق، ٢٠١٠، ٧٦)

## بەشی دووەم/ میدیای نوێ و پەیوەندییەگشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا

### یەکەم/ چەمک و پێناسەی کارگێڕی گشتی

کارگێڕی گشتی لە زەمەنێکی زووەوە سەری هەڵداوە، هەندێک لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن چەمکی کارگێڕی گشتی لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە کێشە و ململانێکان ڕووبەڕووی ئیمپراتۆری ڕۆمانیەکان بۆوە لە کاتی بەڕێوەبردنی حکومەتتدا. بەڵام چەمکی کارگێڕی گشتی وەک زانستێکی سەربەخۆ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵدا، لە کاتێکدا "Woodraw Wilson" کە بە باوکی کارگێڕی گشتی دادەنرێت لە ساڵی ١٨٨٧ یەکەمین کتێبی لە بارەی کارگێڕی گشتی نووسی و هەوڵیدا چەمکی کارگێری گشتی شیبکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی خستەڕوو. (عبوي ،٢٠٠٦، ١٥)

مەبەست لە کارگێڕی گشتی چالاکی و کارەکانی حکومەت دەگرێتەوە کە ئەنجامیان دەدات بۆ بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی سیاسیەتی گشتی دەوڵەت لە ناو دەستە و دامەزراوەکانی حکومەتدا. هەروەها بە واتای بەڕێوەبردنی کۆی پرۆژە گشتییەکانی حکومەت دێت لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستی جەماوەر بێ لەبەرچاوگرتنی بەدەسهێنانی داهاتی تایبەت و لە جەماوەورەوە. (Version ,2015, 17)

بۆ ناساندنی کارگێری گشتی چەندین پێناسەی جیاواز هەن دەتوانین بڵێن پێناسەیکی گشتگیری بۆ دیاری نەکراوە بەڵکو هەر پسپۆرو شارەزایەک بە پێی ڕوانگەی خۆی پێناسەی بۆ کردوە بەڵام بەگشتی ماناکانیان لەیەکەوە نزیکە. بۆ نمونە لە پێناسەیەکدا هاتووە " کارگێری گشتی بریتیە لە کۆمەڵێک ئامراز و ڕێکخستن کە دامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت پەیرەوی دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە و جەماوەر بەگشتی، کە هەموو بڕیار و کارو پرۆژەکانی کاریگەری هەیە لەسەر تاک بەتاکی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا". (الحريري ،٢٠١٦، ١٢)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

هەروەها کارگێڕی گشتی بریتیە لە " تێکەڵەیەک لە یاسا و ڕێنمایی و پەیوەندییەکان کە سیاسەتی گشتی دەوڵەت پەیڕەوی دەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لە پێناو خزمەتکردنی گشتیدا " (smith ,2012, 22)

هاوکات کارگێڕی گشتی بەوە پێناسەکراوە " چالاکیەکە بە مانای ئاراستەکردنی توانا مرۆییەکان دێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی بۆ بەرژەوەندی گشتی کە بە کارگێڕی دامەزراوە حکومیەکان دەناسرێت" (نصر , ٢٠٠٦، ٣١)

لە کۆی ئەو پێناسانەوە دەتوانین بڵێین کارگێڕی گشتی بریتیە لە " کرداری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی حکومەت بۆ بەرژوەندی گشتی"

## دووەم/ تایبەتمەندییەکانی کارگێڕی گشتی

کارگێڕی گشتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە جۆرەکانی تری کارگێڕی وەک کارگێڕی کار و کارگێری دارایی و سەرچاوە مرۆییەکان و.....تاد، دیارترین ئەو تایبەتمەندیانەش ئەوانەن: (الموسوي ٢٠٠٤، ٣٠)

١-) کارگێڕی گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەت و دامەزراوە حکومیەکان جێبەجێدەکرێت و تایبەتە بە کەرتی گشتی.

٢-) کارگێڕی گشتی کار دەکات لە چوارچێوەی یاسایی و سیاسەتی گشتی دەوڵەت واتا دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی یاسانان و دادوەری وەردەگرێت و جێبەجێیان دەکات .

٣-) قەبارەی کارکردن لە کارگێڕی گشتیدا فراوان و گەورەیە واتا لە چوارچێوەی پرۆژەکانی حکومەتن، ئەوانیش پرۆژەی فراوان و قەبارە گەورەن و تێچویان زۆرە بەبەراورد لەگەڵ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت زیاتر خۆیان لە پرۆژەی بچوکتر دەبیننەوە.

٤-) کارگێڕی گشتی تەرکیز دەخاتە سەر دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی و دابین کردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ جەماوەر بەگشتی بەهەموو دەستە و لایەنە جیاوازەکانەوە و یەکسانی لە نێوان هەموو تاکەکان دەکات لەو خزمەتانەی کە پێشکەشیان دەکات.

٥-) کارمەند و فەرمانبەر لە کارگێڕی گشتیدا زیاتر هەست بە جێگیری کار دەکەن وەک لە کارگێری کار و کەرتی تایبەت.

٦-) لە کارگێڕی گشتیدا یەکە ئیدارییەکان بەشێوەی هەڕەمی دابەش دەبن بەجۆرێک لە پلەی باڵاو یەکە بنەڕەتیەکان و سەرۆکایەتیەکان لێپرسراوی و ئەرکیان زیاترە وەک لە یەکەکانی خوارەوە و پلە نزمەکان.

٧-) پێوەری سەرکەوتن لە کارگێڕی گشتیدا بەندە بە ڕێژەی ئەو خزمەتەی پێشکەشی جەماوەر و تاکەکانی دەکات کە بەپێچەوانەی ئەوە لە کەرتی تایبەت و لە کارگێڕی کار پێوەری سەرکەوتن بەندە بە ڕێژەی داهاتی بەدەست هاتوو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## سێیەم/ پێگە و گرینگی پەیوەندییەگشتیەکان لە کارگێڕی گشتی

دەوڵەت لەسەردەمانی پێشوو پابەند بوون بە شێوەیەکی کلاسیکی بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان و کاروباری دەوڵەت و پاراستنی سنورەکان و هەروەها بارودۆخی ناوەوەی وڵات، بەڵام لەم سەردەمەدا لەگەڵ بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی دەوڵەتەکان و فراوان بوونی بوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەرجەم بوارەکانی دیکە ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی گیرو گرفت لە بەڕێوەچوونی کارەکانیان بۆیە ناچاربوون بیر لەبەشێکی تایبەت بکەنەوە کە بەڕێوەبردنی پەیوەندیی و هەماهەنگی کارەکانیان بۆ ئاسان بکات، لەژێر ڕۆشنایی ئەمە بەشێکی تایبەت بە پەیوەندییەگشتییەکان دروست بوو بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کار و پرۆژەکان.

گرینگی دانی زیاتری حکومەت بە پەیوەندییەگشتییەکان بۆ فراوان بوونی سیستەمی دیموکراسی دەگەڕێتەوە و دەرکەوتنی ڕای گشتی وەک هێزێکی کاریگەر لە بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان و دەرکردنی بڕیارەکان، هەروەها سەرهەڵدانی گروپەکانی فشار لەناو کۆمەڵگەدا بۆیە پتەو کردنی پەیوەندی نێوان جەماوەر و حکومەت بۆتە پێویستیەکی حەتمی. (Rhodes 2000, 42)

پەیوەندییەگشتییەکان لەناو دام و دامەزراوە حکومیەکان ڕۆڵی هاوکارییەکی تەواو دەگێڕێت لە نێوان دامەزراوەکە و ژینگەی دەوروبەری لە نێوان تاک و کۆمەڵەکانەوە، بۆیە ناوی پەیوەندییەگشتیەکان ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت.

هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەرانبەر جەماوەر و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەیوەندییەگشتیەکان لە دامەزراوە حکومیەکان کە ئەمە پەیوەندی بە قەبارەی دامەزراوەکە نیە لەناو حکومەتتدا بەڵکو پەیوەندیدارە بە ستراتیژیەت و ئەرک و شێوازی کاری ئەو دامەزراوەیە. (ستیل ,٢٠٠٧، ١٩٧)

هاوکات دەتوانین گرینگی پەیوەندییەگشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا لەچەند خاڵێک چڕ بکەینەوە: (الذهبي ٢٠٠٥، ٢٠)

١) پلاندانان بۆ دامەزراوەکە ئەرکێکی زۆر گرینگی پەیوەندییەگشتیەکانە چونکە لەو ڕێگەیەوە تەواوی کارو پرۆژە و ئامرازەکانی بەردەست و گرفت و ئامانج و سەرجەم وردەکارییەکان دیاری دەکرێت.

٢) لێکۆڵینەوە لە هەڵوێست و ڕای جەماوەر و گواستنەوەی داواکاری و گلەییەکانیان سەبارەت بەکاری ئەم دامەزراوەیە.

٣) گرینگیدان بەکاروباری فەرمانبەرەکانی ناوەوەی دامەزراوەکە.

٤) بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دام و دامەزراوە هاوشێوەکان، تاوەکو لە ڕێگەی هاوکاری نێوانیان بتوانن خزمەتی زیاتر پێشکەش بکەن.

٥) دەرکردنی هەندێ بڵاوکراوەی ڕاگەیاندن لەڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندیکردنەوە وەک بەرنامەی تەلەفزیۆنی یاخود ڕادیۆی، چاپکراوی کاتی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

٦) ڕێکخستنی سەردان و مەراسیمە ڕەسمی و تایبەتەکان.

لێرەوە دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین کە بەشی پەیوەندییەگشتیەکان ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستی زانیارییەکان، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان چەند هەوڵێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە بۆ دروستکردنی هەندێ پەیوەندی کە پشکی هەیە لە پشتگیری کردنی لایەنی تێگەیشتن و ڕێز لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر. بۆ ئەوەی پەیوەندییەگشتییەکان بتوانێ پەیوەندییەکی ئەرێنی دروست بکات دەبێ هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن بەجۆر و شێوازی جیاواز بکات وەک ( هەڵمەتێک بۆ فێرکردن یان بۆ پاڵپشتی جەماوەر و پشتگیری لە هەندێ ڕەفتار و هەڵسوکەت یاخود باوەڕپێهێنانی جەماوەر بەبابەتێک یان دوورکەوتنەوە لە بابەتێک و یانیش قەناعەت پێهێنانیان بۆ پشتگێری پرۆژەیەکی حکومەت....تاد) . لەم گۆشەنیگایەوە وا پێویستە پەیوەندییەگشتییەکان ئامانج و پلانی دیاریکراو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

بێت، هەروەها تێچو و کات و خشتەی کار و چالاکیەکانی روون بکاتەوە. دروست بوونی وێنەی هزری ئەرێنی سەبارەت بە دامەزراوەکە زیاتر پشت دەبەستێ بە هەبوونی زانیاری و ئەزموون لە بوارە جیاوازەکان ، سەرەڕای ئەوەی گرتنەبەری هۆکارە جیاوازەکان بۆ ئەم مەبەستە، تاکو پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر دروست بێت بۆ سودی بەرژوەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان. (صباح ،٢٠١١، ٣٥٩)

## چوارەم/ گرینگی و بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییەگشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا

ئینتەرنێت یاخود میدیای نوێ بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ کارگێڕی پەیوەندییەگشتییەکان لە چۆنیەتی بەگەڕخستن و سود وەرگرتن لێی، بەجۆرێک کە پێی دەگوترێت " پەیوەندی گشتی ئەلیکترۆنی" واتا زۆرینەی کارەکانی لەرێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنیەکانەوە ئەنجام دەدات. میدیای نوێ و ئینتەرنێت شۆڕشێکی لە جیهانی پەیوەندییەگشتییەکان هێنایە ئاراوە، کاریگەرییەکەشی تەنها لە گۆڕینی ئەو رێگایانەی کە تایبەتمەندن لەو بوارە گرتبویانەبەر نەبوو، بەڵکو یارمەتی گۆڕینی تەواوی روخساری کاری پەیوەندییەگشتییەکانی دا. (فلیپس ٢٠٠٣، ١٦٧)

بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە بواری پەیوەندییەگشتییەکان بووە پێداویستیەک هەر دەبوو هەبێت، لەخۆگرتنی ئەو تەکنیکە نوێیەش، دەرەنجامی گەشەسەندنی بێ پێشینەی ژمارەی دەروازەکانی راگەیاندن و خێرایی گواستنەوەی زانیارییە بەردەستەکان و قەبارەی ئەو دامەزراوانە بوو، کە پەیوەندییە گشتییەکان بەکاردەهێنن، هەروەها قەبارەی خودی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و جۆراوجۆربوونی ئەو تەکنیکە نوێیانەی کە شایەنی پیادەکردن و بەکارهێنان بوون لە چالاکیەکانی پەیوەندییەگشتییەکان. (د. یوسف ,٢٠٠٨، ١٤٨)

لە ئێستادا دابینکردنی توانا ئەلیکترۆنیەکان و ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پەیوەندییەگشتییەکان و بەرێوەبردنی بەشەکانی پەیوەندییەگشتییەکان لە کارگێڕی گشتی و دامەزراوە حکومیەکان بۆتە کارێکی پێویست و رەنگە بێ بەردەست بوونی توانا ئەلیکترۆنیەکان، پەیوەندییەگشتییەکان نەتوانێ وەک پێویست بە ئامانجەکانی بگات. (شفیق ,٢٠٠٦، ٢٥)

هاوکات ئامرازەکانی میدیای نوێ یارمەتی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان پەیوەندییەگەشتییەکان و کردارەکانی دووبارە دارشتنەوەی پەیکەر و دەسەڵاتی هاوبەش و نوێ و رەواجدان بە دامەزراوەکە و بەرێوەبردنی گرفت و قەیرانەکان لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەدات. هەروەها رۆڵی گرنگی هەیە لە دەستەبەرکردنی پشتگیری جەماوەر و ئاراستەکردنیان بۆ بەرژوەندی دامەزراوەکە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵی راست و دروست بۆ جەماوەر، زیاد لەمەش دەتوانێ رۆڵێکی گرنگی بازاڕسازی بگێرێت بە بازاڕکردن و ناساندنی کارو چالاکیەکانی دامەزراوەکە بە هۆی بڵاوکردنەوەی کاروچالاکیەکان لە کاتی خۆیدا و بەشێوازێکی گونجاو و سەرنجڕاکێش. (Petrovici ,2014, 82)

لێرەدا کارمەندی سەرکەوتووی پەیوەندییەگشتیەکان لە رێگەی میدیای نوێوە ئارەزووی خوڵقاندی سۆزداری و دەستەبەرکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆرکراوی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرە چالاک و هۆشیارەکەی دەکات، ئامانجیش پارێزگاریکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ جەماوەری چالاک و راکێشانی ئەو خەڵکانەی کە دامەزراوەکە دەناسن و بایەخەکانی ئەو کەسانەش دەدوێنن، کە تا ئێستا دامەزراوەکە ناناسن، لەبەر ئەوە پیادەکردنی کارگێریی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پەیوەندییەگشتیەکانی دەزگاکان لەسەر ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ بایەخێکی زۆری بۆ دامەرزاوە گشتییەکان هەیە. (Achor & Others ,2014, 1698)

سەرباری ئەوەی میدیای نوێ دەرفەتی مەزن بۆ بەگەرخستنی کارامەیی و داهێنانەکانی کارمەندی پەیوەندییەگشتیەکانی، لەم بوارەدا رەخساندووە، هەروەها ئامرازەکان و تەکینکەکانی پەیوەندیکردنی بۆیان دابین کردوە، تەکنەلۆژیای نوێ یارمەتیدەربووە لە بەکارهێنانی زۆرێک لە رێگە و ئامرازەکانی ئەنجامدانی پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی قوڵ و کاریگەر.

پێویستە ئەوەش لەبیرنەکەین تایبەتمەندی و شارەزایی کارمەندی پەیوەندییەگشتییەکان زۆر گرنگە لە هەمبەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییەگشتییەکان، بۆنمونە شارەزایی هەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زۆربەری ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ و چۆنیەتی پاراستنی سکیوریتی ئەو پەیج و وێب و لاپەڕانەی تایبەتن بە دامەزراوەکە لە هەرجۆرێکی مەترسی هاک و لەدەستدانیان. لەگەڵ ئەوەش شارەزابێت لە چۆنیەتی زیادکردنی فۆلۆوەر و ژمارەی بینین و سەردانکەران، تاوەکو بڵاوکراوەکان زۆرترین رێژەی بینەریان هەبێت. لێزانین لە چۆنیەتی نووسین و ووردی و لێهاتوویی لە داڕشتنی ئەو بابەت و ناوەڕۆکەی بڵاوی دەکەنەوە و گونجاندنی لەگەڵ وێنە و ڤیدیۆکان بە پێی سروشت و جۆری جەماوەر. هەروەها بوونی ئەتەکێتی گونجاو و جوان لە وەڵامدانەوەی کۆمێنت و نامەی تایبەت لە بەخشینی زانیاری وردتر بە بەکارهێنەر. (کردي ,٢٠١٠، ٦٥)

زیاد لەوانەش کارمەندی پەیوەندییەگشتییەکان دەبێ لە فێربوون و بەدواداچوونی بەردەوام دابێ لەبارەی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە رێگەی بەدواداچوون و بینینی خول و ۆرکشۆپ و سیمیناری تایبەت بەو بوارە، چونکە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئامرازەکانی میدیای نوێ بەردەوام لە گۆڕانکاری و پەرەسەندن دان، بۆیە پێویستە کارگێڕی پەیوەندییەگشتییەکان هاوتەریبی پێشکەوتنەکان برۆن و دوانەکەون. (P.Oneya 2008, 40)

**شەشەم/ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەگشتیەکان لە رێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ:**

دەکرێ ئامرازەکانی میدیا نوێ چەند بەکارهێنانێکی گرنگیان هەبێت بۆ پەیوەندییەگشتییەکان بۆ نمونە دروستکردنی پێگەیەکی تایبەت بەدامەزراوەکە جا وێبسایت یاخود پەیج و ئەکاونت بێت لە هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ ، لەوێوە هەواڵ و زانیاری و چالاکیەکانی تایبەت بە دامەزراوەکە و وێنە و بابەتی ڤیدیۆیی بڵاوبکرێتەوە تاوەکو ئاسانکاری بکات بۆ بەکارهێنەر و جەماوەر زۆرترین زانیاری و رێنمایی و هەواڵ بەدەستبهێنن. بەمەش سەردانکردنی هاوڵاتیان بۆ دامەزراوەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەندیدار کەم دەبێتەوە و گرفتی قەرەباڵغی لە دامەزراوەکان دروست نابێت. هەروەها ئەمە یارمەتیدەریش دەبێت لە ئەرشیفکردنی زانیاریەکانی تایبەت بەدامەزاروەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت و مانەوەی بۆ کاتێکی درێژ تاوەکو بۆ هەر مەبەستێک بێت بەکارهێنەر یاخود جەماوەر لە رێگەی سایتەکانی بەدواگەڕانەوە بتوانن بیاندۆزنەوە و بەکاریانبهێنن. (A.kisiolek 2003, 118)

لایەنێکی تری گرینگی کارگێڕی پەیوەندییەگشتییەکان جەماوەری نێوخۆییە، کە دەبێ پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ کارمەندانی نێوخۆیی دامەزراوەکە هەبێت و لەپەیوەندی بەردەوامدا بێت لەگەڵیان، هاوکاری و پشتیوانی بەردەوام لە نێوانیاندا هەبێ، بۆ ئەم مەبەستە کارگێڕی پەیوەندییەگشتییەکان ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و پەیوەندیکردنەکانی لە رێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەتایبەت ئەپڵیکەیشن چات زیاتر بۆ پەیوەندیکردن بەکارمەندانی نێوخۆیی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دامەزراوەکە بەکاردێنێت، بەتایبەتتر ئەو ئەپانەی کە سکیوریتیان بەهێزترە و کەمتر هاک یان کۆنترۆڵ دەکرێن. پەیوەندییەگشتییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنانە تێچووی کەمتری لەسەر دەکەوێت و کواڵێتی پەیوەندییەکەش باشتر دەبێت، دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆ و فایل و زانیارییەکان بەشێوازێکی ئاسان بنێرێت یان دەستی بکەوێت. (Basha ,2011, 40)

لەگەڵ ئەوانەشدا لەکاتی ڕوودانی تەنگژە و ڕووداوەکان و بڵاوبوونەوەی دەنگۆ لەناو جەماوەردا، یاخود کاتێک دامەزراوەکە ڕووبەڕووی ئاریشەی لەناکاو دەبێتەوە، بەتایبەت لە زەمەنێکی وەک ئێستا بەشێکی زۆری پەیامنێرو دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان بەدوای هەواڵی چەواشەکاری دەگەڕێن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و ناوزڕاندنی دامەزراوەکانی حکومەت، بەڵام پەیوەندییەگشتییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ و تۆڕەکۆمەڵایەتیە بەربڵاوەکان دەتوانێ ڕوونکردەوە و شیکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ جەماوەر بڵاوبکاتەوە و ڕاستیەکان ڕوون بکاتەوە. تاوەکو پێش بە دروست بوونی وێنەی هزری نەرێنی بگرێت بۆ دامەزراوەکە و ڕێگە لە پەرەسەندنی چەواشەکاری بگرێت. (Berman ,2012, 19)

فلیپس "Phlilips " پێی وایە کارمەندی پەیوەندییەگشتییەکان دەتوانێ وەک دەرگەوانی دامەزراوەکە لەسەر ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ کاربکات و ناوبانگی دامەزراوەکەی لە ڕێگەی چاودێری مشتومڕو بەرزەفتکردنی واتەواتەکان لە قۆناغەکانی بەراییدا بپارێزێت و ڕێگە لە گەشەسەندنیان بگرێت. (د. ئەحمەد ٢٠١٩، ٢٨٧)

بۆ زیاتر خستنەڕووی بەکارهێنانی میدیای نوێ بو پەیوەندییەگشتییەکان، توێژینەوەیەک کە لە زانکۆی نیرۆبی ئەنجام دراوە بە ناونیشانی " تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لە کاری پەیوەندییەگشتییەکان لە حکومەتی کینیا" ئەوە دەردەخات ، سۆشیاڵ میدیا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێت بۆ کاری پەیوەندییەگشتییەکان بەتایبەت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی و دەرەکی . لەو ئامرازانەی سوشیاڵ میدیا زیاتر فەیسبووک و واتسئاپ بەکاردێت بە بەراورد بە ئامرازەکانی تر . هەروەها توێژینەوەکە ئەوەشی خستۆتە کە ئامرازەکانی میدیای نوێ بەگشتی کارئاسانییەکی زۆردەکات بۆ کارگێڕی پەیوەندییەگشتییەکان لە دامەزراوەکانی حکومەتدا. (Sakali 2015, 54)

هەر لەم بوارەدا زانکۆی ئۆکلاند بۆ تەکنەلۆژیا توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بەناونیشانی " کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ کاری پەیوەندییەگشتییەکان" ئەوە دەخاتەڕوو کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کاروباری پەیوەندییەگشتییەکان ئاسانکاری زۆری کردوە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارو ئەرکەکانی، ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ جەماوەر و دورست بوونی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵیاندا. لە هەمان کاتدا توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستوە کە زۆر جار لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە پەیوەندییەگشتییەکان کۆنترۆڵی زانیارییەکان لەدەست دەدات و گرفت بۆ کارەکانی دروست دەبێت. (Bhargava 2010, 111)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئامرازەکانی میدیای نوێ پێگە و گرینگی تایبەتی هەیە بۆ پەیوەندییەگشتییەکان و ئاسانکاریەکی زۆر بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کار و چالاکیەکانی دەکات، پێویستە ئەوەش بزانین بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کاری پەیوەندییەگشتییەکاندا پسپۆڕی و شارەزایی پێویستە و زۆرجار بوونی هەڵەیەکی بچوک لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەک دامەزراوەکە تووشی گرفت دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبردنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پەیوەندییەگشتییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ ڕێگە خۆشکەر دەبێ بۆ دروست بوونی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی.

مەبەست لە حکومەتی ئەلیکترۆنی (e-government) یاخود حکومەتی دیجیتاڵی بەواتای کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان حکومەت و هاوڵاتی دێت یاخود کارکردنی حکومەت دێت لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، کە ڕێگایەکی سەردەمی و پێشکەوتووە لەبەردەم کارگێڕی گشتیدا تاوەکو گۆڕانکاریەکی گەورە لە سیستەمی کارکردنی خۆیدا بکات. (Al-rawahna ,2018, 166)

لە کاتی بوونی حکومەتی ئەلیکترۆنی، پەیوەندییەگشتییەکان زانیاریەکانی ئاسانتر دەست دەکەوێت، بۆ نمونە گەر هەر ئامار و داتایەکی پێویست بێت ئەوا لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنیەکان دەیدۆزێتەوە، چونکە سەرجەم و ئامارو داتا و زانیاریەکان پۆلێن کراون. هەروەها پەیوەندییەگشتییەکان دەتوانێ بەدواداچوون بۆ سەرجەم ئەو سکاڵاو داواکارییانە بکات کە ئاراستەی ئەو دامەزراوەیە دەکرێت بە پێچەوانەوە لە حکومەتی کلاسیکیدا زۆربەری سکاڵاکان ون دەبن و ناگەنە شوێنی خۆیان، بەڵام لە حکومەتی ئەلیکترۆنی سکاڵا و داواکارییەکان ون نابن گەر کاتیشیان بەسەردا تێپەڕێت، کارگێڕی پەیوەندییەگشتییەکان دەتوانێ لێیان بکۆڵێتەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکات. نمونەی ئەمە دەبینین لە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەپڵیکەیشنێک دروستکراوە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتی دەتوانێ بەدواداچوون بۆ نوسراوەکەی بکات.

لە نمونەیەکی تردا دەبینین لە زانکۆی سۆران هەوڵێکی بەرچاودراوە بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی مامەڵەکان، بۆ نمونە وەرگرتنی قوتابیان لە قۆناغی یەکەم بەئەلیکترۆنی کراوە کە لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرم بەشێویەکی ئۆنڵاین لە سایتی فەرمی زانکۆ دەبێت، کە سەرجەم ڕێکارەکان فەراهەمکراوە بۆ قوتابی و تەنانەت ڤیدیۆی چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆڕمەکان دانراوە لە سایتی فەرمی زانکۆ، بۆ ئەوەی کەمترین هەڵەی کارگێڕی بوونی هەبێت. ئەمە یارمەتیدەرێکی زۆر گرنگە بۆ قوتابیان لە کەمکردنەوەی تێچوو وبارگرانی هاتووچۆ هەروەها کەم کردنەوەی رۆتینات لە ناو زانکۆدا. (ح. مستەفا ٢٠١٩)

هەر لە زانکۆی ناوبراودا پرۆژەیەک جێبەجێکراوە بەناوی (ecampus) کە بە پێی ئەم پرۆژەیە سەرجەم بەش و هۆڵ و تاقیگەکان خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتیان هەیەو سەرجەم ستافی کارگێڕی زانکۆش لە ڕێگەی ناو و کۆدی تایبەتەوە پەیوەست دەبن بە خزمەتگوزارییەکانەوە، هەر قوتابیەکیش تابلێتی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتی خێرا پەیوەست دەبن بە داتابەیسی بەشەکەیانەوە. (د. مستەفا ،٢٠١٩، ٢٧٥)

لە نمونەیەکی تردا دەبینین زۆربەری وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی مۆبایلی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، لە ڕێگەیەوە هاوڵاتیان دەتوانن داواکاری و سکاڵاکانیان ڕاستەوخۆ بگەیەنن بە نوسینگەی وەزیر، ئەمەش یارمەتیدرە بۆکارگێڕی پەیوەندییەگشتیەکان بەدوای ئەو داواکاری و سکاڵایانەدا بڕوات و هەماهەنگی چارەسەکردنیان بێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە حکومەتی ئەلیکترۆنیدا کاروچالاکیەکانی پەیوەندییەگشتییەکان باشتر بەڕێوەدەچن ئەرکەکانی خێراتر جێبەجێدەکات و زیاتر ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دامەزراوەکە و دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی و دەرەکی و دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزاروەکە.

## دەرئەنجامەکان:

١/ میدیای نویَ رۆڵیَ گرنگی هەیە لە ئاسانترکردنی کارەکانی پەیوەندییەگشتییەکان لە دامەزراوەکاندا لە سیستەمی کارگێڕی گشتییدا.

٢/ پەیوەندییەگشتییەکان لەرێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نویَ زانیارییەکانی خێراتر دەستدەکەوێت، واتا رێژەی تێچووی کات و وزە بۆ پەیوەندییەگشتییەکان کەم دەکاتەوە.

٣/ پەیوەندییەگشتییەکان لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نویَ رۆڵی گرنگ دەبینێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکە.

٤/ پەیوەندییەگشتییەکان لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نویَ دەتوانێت پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و لەگەڵ جەماوەری مەبەستتدار دروست بکات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکە لە حکومەتتدا.

٥/ بەڕێوەبردنی کارەکانی پەیوەندییەگشتییەکان لە رێگەی میدیای نوێوە رێگە خۆشکەر و یارمەتیدەرە بۆ دروست بوونی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی.

٦/ لە هەرێمی کوردستان لە بەشێک لە دامەرزراوەکاندا پەیوەندییەگشتییەکان لە رێگەی میدیای نویَ کارەکانی دەکات و بەشدارە لە بەئەلیکترۆنی کردنی کارگێڕی دامەزراوەکە.

٧/ لە کاتی بوونی حکومەتی ئەلیکترۆنی پەیوەندییەگشتیەکان رۆڵ و ئەرکی بەرچاوتر دەبێت و باشتر دەتوانیَ پەیوەندییەکانی پەرەپێبدات لەگەڵ دامەزراوەکانی کارگێڕی باڵا بۆ پتەوکردنی پێگەی دامەزراوەکە و بەدەستهێنانی ئامانجە گشتییەکانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

**راسپاردە و پێشنیار:** توێژەر لەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک پێشنیار دەخاتەڕوو:

١/ دامەزراوەکانی سیستەمی کارگێڕی گشتی واتا دامەزراوە حکومیەکان زیاتر بایەخ بە رۆڵی پەیوەندییەگشتییەکان بدەن بۆ ئەوەی کارەکانی پەرە پێبدات.

٢/ پێویستە دامەزراوەکە ئامرازی پێویست بە تەکنەلۆژیای نوێ و ئینتەرنێت فەراهەم بکات بۆ پەیوەندییەگشتییەکان بۆ ئەوەی بتوانێت کاریان پێبکات.

٣/ خول و سیمیناری پێویست لە هەمبەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کارمەندی پەیوەندییەگشتییەکان پێشکەش بکات، چونکە بەگەرخستنی میدیای نوێ لە چالاکی پەیوەندییەگشتییەکان پێویستی بەشارەزایی و لێهاتوویی هەیە لەو بوارەدا.

## سەرچاوەکان:

د.مسلّح، مستەفا، ٢٠١٩، زانکۆی سۆران لە نەبونەوە بۆ پێشەنگ بوون، هەولێر: چاپخانەی هەڤاڵی هونەری.

د.بەهائەدین ئەحمەد، ٢٠١٩، پەیوەندییەگشتییەکان لە دامەزراوەکانی راگەیاندن، سلێمانی: چوارچرا.

هەردەوان مەحمود، ٢٠١٥، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، سلیمانی: چاپخانەی کوردستان.

حەسەن مستەفا، ٢٠١٩، بەڕێوەبەری یاسایی لە زانکۆی سۆران، بەئەلیکترۆنی کردنی مامەڵەکان، چاوپێکەوتن، هەولێر، ٢٠١٩/١٠/٢٥

إرادة زيدان الجبوري، ٢٠١٠، مفهوم الصورة الذهنية، الباحث الاعلامي، ١٦١-١٧٦.

العيساوي عبدالرحمن علي سعود، ٢٠٠٥، تقنيات الاتصال الحديثة و دورها في تطوير اساليب العلاقات العامة، بغداد، العراق: رسالة الدكتوراه غير منشورة, جامعة بغداد.

انتصار محمد القحطاني، ٢٠١٩، الاعلام الرقمي، Electronic Interdisciplinary Miscellaneous Journal –مجلة الااكترونية الشاملة متعددة التخصصات، ١٢٢-١٧٨.

انور محمد صباح ،٢٠١١، دور العلاقات العامة في تفعيل اداء الحكومة الكترونية، مجلة جامعة العراقية، ٦٧.

ثروت مكي، ٢٠٠٥، االاعلام السياسة وسائل الاتصال والمشاركة السياسية، القاهرة: عالم الكتب.

جاسم محمد الذهبي، ٢٠٠٥، مبادئ الادارة العامة. بغداد: مكتبة الجزيرة للطبع.

حورية بولعويدات، ٢٠٠٨، استخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في المؤسسة الاقتصادية الجزائرية، قسطينة, جزائر: رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة منتوري.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

د.حسنين شفيق,٢٠٠٦، الأعلام الألكتروني، القاهرة: رحمة بريس للنشر والتوزيع.

د.حنان يوسف، ٢٠٠٦، تكنولوجيا الاتصال و مجتمع المعلوماتية، القاهرة: مكتبة اطلس للنشر.

د.سميرة شيخاني، ٢٠١٠، الاعلام في عصر المعلومات، مجلة دمشق، ٤٣٥-٤٨٠.

د.صلاح عبدالرزاق، ٢٠١٠، المقدمة في الاعلاقات العامة والاعلام الاسلامي، بيروت: منتدى المعاف.

د.فارس الخطاب، ٢٠١٠، فضائيات العلمي العربي الرقمي، عمان: دار ايلة للنشر والتوزيع.

د.فوزية عبداللة ال علي، ٢٠٠٩، الاثار الاجتماعية والنفسية الانترنيت على الشباب في الدولة الامارات، ابحاث المؤتمر الدولي الاعلام الجديد (الصفحات ٣٣٣-٣٦٨). بحرين: مطبعة الجلمعة البحرين.

د.محمد سرور الحريري, ٢٠١٦, الادارة العامة, عمان: الدار المنهجية للنشر والتوزيع.

د.محمد مونير الحجاب، ٢٠٠٧، العلاقات العامة في المؤسسات الحديثة، القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع.

د.محمود يوسف، ٢٠٠٨، ادارة والتخطيط العلاقات العامة، القاهرة: دار العربية للنشر والتوزيع.

ديفيد فليپس، ٢٠٠٣، العلاقات العامة عبر الانترنيت، القاهرة: دار الفاروق للنشر والتوزيع.

زيد مونير عبوي، ٢٠٠٦، مدخل الي الادارة العامة، عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع.

سنان الموسوي، ٢٠٠٤، الادارة المعاصرة الاصول والتطبيقات، عمان: دار مجدلاوي للنشر والتوزيع.

صاحبي صبحة، ٢٠١٨، اتجاهات الشباب الجزائري نحو مصادر الاخبار بين الاعلام التقليدي و الاعلام الجديد، جزائر: رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة العربي بن مهد, كلية العلوم الاجتماعية والانسانية.

فريزر بى ستيل,٢٠٠٧، مستقبل العلاقات العامة، غزة-فلسطين: دار الكتاب الجامعي.

قوراري صونية، ٢٠١١، اتجاهات جمهور الطلبة نحو الصحافة الالكترونية، بسكرة, جزائر: رسالة ماجستير غير منشورة جامعة محمد خيضر.

محمد الدبس السردي، ٢٠١١، الاتصال والعلاقات العامة في ادارة المكتبات و مراكز المعلومات، عمان: دار اثراء للنشر والتوزيع.

محمد كردي، ٢٠١٠، الأساليب الحديث في التسويق والعلاقات العامة، حلب-سورية: شعاع للنشر والعلوم.

منال هلال المزاهرة، ٢٠١٩، ادارة العلاقات العامة وتنظيمها، عمان: الطبعة الثانية، دار الميسرة للنشر والتوزيع.

مهنا محمد نصر، ٢٠٠٦، الادارة العامة والادارة الخصخصة، الاسكندرية-مصر: المكتب الجامعي الحديث.

نبيل خليف مجالي، ٢٠١٠، العلاقات العامة في القرن الحادي والعشرين: النظرية و الممارسة، عمان: دار الوائل للنشر والتوزيع.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

نضال عبداللة بربخ، ٢٠١٥. اعتماد النخبة السياسة الفلسطينية علي شبكات التواصل الاجتماعي كمصدر المعلومات أثناء العدوان الاسرائيلي علي غزة، فلسطين، غزه: رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة الاسلامية بغزة، كلية اداب.

هشام أحمد، عبدالكريم سكيک، ٢٠١٤، دور الشبكات التواصل الاجتماعي في توعية الشباب الفلسطيني بالقضايا الوطنية، رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة الاسلامية الغزة, فلسطين

1.A.kisiolek, 2003, public relation on the internet on the example of the metallurgecal industry in the world, metallurgecal, 118, number 42.

2. Achor & Others, 2014, An Evaluation of Impact of Social Media on Information Management in Public Relations, International Journal of Science and Research (IJSR), 1697-1706.

3. Al-rawahna, A. S, 2018, the barriers of e-government success, International Journal of Managing Public Sector Information and Communication Technologies (IJMPICT), 165-178.

4. Basha, J. C., 2011, Social media, public relations, and the Government of Canada: An analysis of internal, Halifax, Canada: not published master thises, Mount Saint Vincent University.

5. Berman, E. M. ,2012, The Practice of Government Public Relations, london: Taylor & Francis Group.

6. Bhargava, d., 2010, The use of Internet in public relations and its impact on the practice: A New Zealand perspective, New zealand: AUT university.

7. Lexico, 2019, oxford online dictionary, Retrieved 10 20, 2019, from https://www.lexico.com/en/definition/public_relations

8. P.Oneya, 2008, The impact pf social media on public relation practice, nairobi: not published master thises, University of Nairobi.

9. Petrovici, M. A, 2014, E- Public Relations: Impact and Efficiency, A case study, Procedia - Social and Behavioral Sciences, 79-84.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

10. Rhodes, R. A, 2000, governance and public administration . University of Newcastle Journal, 35-82.

11. Sakali, E. M, 2015, Examining The Use Of Social Media In Public Relations Practice In The Kenyan Government, kenyan: university of nairobt.

12. smith, 2012, public administration theory primer, Philadelphia: west view press.

13. Tench, R. 2006, exploring public relations, London: pearson education limited.

14. Version, 2015, Quality of Public Administration. Luxembourg: Office of the European Union.

**خلاصة:**

إن تطور التكنلوجيا وتكنلوجيا المعلومات ووسائل الاتصال المتنوعة له تأثير كبير على نشاط العلاقات العامة؛ سيما في المؤسسات الحكومية. هذا، وإن كثيرا من المؤسسات الحكومية قد استثمروا تلك الوسائل في نظام إداراتهم؛ قصد تسهيل أهداف المؤسسة، وفي النهاية يحدث التفاعل بين الجمهور الداخلي والخارجي.

في هذا البحث النظري، حاولت بيان أثر الإعلام الجديد في العلاقات العامة في الإدارة العامة؛ وذلك مشفوعا برأي المختصين.

وإن هدف البحث هو معرفة استخدام الإعلام الجديد للعلاقات العامة وكيفيتها في نظام الإدارة العامة مع بيان ذلك الدور الذي يؤديه في نشاطات العلاقات العامة للمؤسسات الحكومية، إضافة إلى بيان تحليل كيفية اشتراك الإعلام الجديد والعلاقات العامة في ولادة الحكومة الإلكترونية.

وفي النتائج، تبين للباحثة إن الإعلام الجديد قد سهل العلاقات العامة بين الجمهور والمؤسسات الأخرى، إذ قام بتمتين العلاقات بينهما؛ مما أثمر في تنمية وولادة الحكومة الإلكترونية.

# The impact of the new media on public relations in the public administrationinKurdistanRegion

**Dlan Ismail Mawlud**

Media Department, College of Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Email: dlan.mawlood.2017@student.su.edu.krd

**Hoshyar Mozafar Ali**

Media Department, College of Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Email: hoshyar.ali@su.edu.krd

## Summary:

The development of technology, information technology and various means of communication have a significant impact on public relations activity;
especially in government institutions. Many government institutions have invested these means in their management system, in order to facilitate the goals of the institution, and ultimately the interaction between the internal and external public.

In this theoretical research, I tried to explain the impact of the new media on public relations in the public administration, based on the views of specialists. The aim of the research is to know the use of the new media of public relations and how in the system of public administration, as well as, Explaining the role it plays in public relations activities of government institutions. Add to this, analyzing the way of how new media and public relations participate in the birth of e-government. In the results, it is clear that the new media has facilitated public relations between the public and other institutions, as it strengthened relations between them.

**Key Words:** New Media, Public Relations, public administration